# جەلال بەرزنجی شاعیر لەڤیستڤاڵی
# Poetry World



**سمكۆ مەمەد**

**كەنەدا**

**بە بۆنەی دەستنیشان كردنی ئیدمنتن بە پایتەختی رۆشنبیری كەنەدا بۆ ساڵی-، 2007لە رۆژانی 18 -23 -2007 ڤیستڤالێكی شیعری گەورە ساز كرا،**

**زۆربەی شاعیرە بەناو بانگەكانی كەنەداو ئەمریكا تیادا بەشداربوون لەوانە، شاعیری بەناو بانگی ئەمریكی دانیشتوی نیۆیۆرك و هەڵگری خەلاتی نۆبل بۆ( ئەدەب لە كیمیادا) (رۆەلد هۆفەمەنە) و شاعیری بەناوبانگی نیۆیۆرك(جاك مەكارتی) و ( جۆرج مكویرتۆر)**

**هەڵگری نازناوی ( شازادەی شاعیران) لە ڤانكۆڤەر و شاعیری ناسراوی كەنەدا لە هەرێمی نۆڤەسكۆشە(ئەنەسمپۆسن) (تید بەلگت) (شاعیری لۆرەتی) ئیدمنتن . شاعیری ناسراوی كورد لە كەنەدا جەلال بەرزنجی(نووسەری تاراوگە) بۆئەم میهرەجانەبانگهێشت كرابوو، یەكەمیان لە گەڵ گرۆپی ( شاعیران سنوورەكان دەبڕن)لە سەر شانۆی (رادیۆ و تی ڤی سی بی سی كەنەدا) كە شاعیری ولاتانی ( شیلی – ئەسیۆبیا–كوردستان – فلیپین–هندستان–كاریبان– سودان– بەشدار بوون هاوكات لە گەڵ شیعرخوێندنەوەی جەلال هونەمەند سمكۆ كەمانی لێدەدا وەهەر وەها لە گەڵ شاعیران (رۆەلد هفەمەن و( جاك )و**

**(ئانە سمپسیون)  ئێوارەکۆڕێکیان لە سەر ( شیعرو فیکشن) بەست ,لە ئێوارەی هەمان رۆژ لە کۆڕێکی تایبەت شیعریان خوێندەوەوەهەروەها بەرزنجی لە 28 –92007 بەشداری کونفراسی  ساڵانەی یەکیەتی  نووسەانی ئەلبیرتای کرد  لە شاری (گرانپەری )کە قسەکەری تایبەت بوو باسێکی لە سەر میدیای کوردی و ئازادی رادەبرین لە سەر دەمی رژیمی لە ناوچوی سەدام  پێشکەش کرد. رۆژی1–10–2007 لە زانکۆی (نۆرکویست)بە بۆنەی (هەفتەی خوێندنەوە)بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی ئەلبێرتای فیدرال وسەرۆکی شارەوانی ئیدمنتۆن میوانداریەکی تایبەت  بۆ شاعیری کورد بەرزنجی کرا. ئەمیش  باسێکی لە سەر نووسەر لە تاراوگە  پێشکەش کرد , رۆژی 3–10 –07 لە زانکۆی ئەلبیرتا لەگەل شاعیری بە رەچەلەك بەریتانی(رۆب مەکلینان) دانیشتوی هەررێمی (ئۆنتاریۆ) و خاوەن 13 کتێبی شیعرچەندەها شیعری خۆی بەزمانی کوردی و ئینگلیزی خوێندەوە.**

**بۆ زانینی زانیای زیاتر دەتوانی بچیتە سایتی:**

www.edmontonpoetryfestival.com

- *    word Symposim
- *  Poets Across Border
- *  Election out come
- www.google.ca   Jalal Barzanji
- http://writersguild.ab.ca/programs/documents/2..